




رێناز سەعید:
کچە یاریزانی تیپی گۆڕەپان و مەیدانی هەڵبژاردەی عێراق

# سلێمانی پایتەختی گۆڕەپان و مەیدانی عێراقییە

شاری سلێمانی هەموو کات بەوە ناوی دەرکردووە کە لە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان پێشەنگ بووە لە دروستکردنی چەندین یاریزانی بەتوانا لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراقیش، یانەی سیروانی نوێش یەکێکە لەو یانانەی کە بەردەوام هەوڵی پێگەیاندنی یاریزانانی داوە و لە دروستکردنی یاریزانانی کوڕ و کچ پێشەنگ بوو. رێناز سەعید لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٦ی شاری سلێمانی و قوتابی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشییە و یەکێکە لە یاریزانە بەتواناکانی یانەی سیروانی نوێ کە ماوەیەکە لە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان بەشدارە و خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە، ئێمەش لە نزیکەوە ئەم دیدارەمان لەگەڵ کرد و ئەوەیش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی



***لە جیهانی وەرزشیی بۆچی رووت لە یاری گۆڕەپان و مەیدان کرد؟**

- سەرەتا لە فیستیڤاڵی ساڵانەی گۆڕەپان و مەیدانی قوتابخانەکان خولیای ئەو یارییە بووم، دواتریش حەزو توانای خۆم بۆ ئەم یارییە وەکو یارییە تاکەکان زیاتر بوو، بۆیە ئەو یارییەم هەڵبژارد.

*** ئاستی یاریی گۆڕەپان و مەیدان لە شارەکانی کوردستان چۆن دەبینی؟**

-بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی پێشوو باشترە، بەڵام هێشتا کەموکوڕی زۆری هەیە، وەکو یاریگای تایبەت و نەبوونی پرۆگرامێکی تۆکمەی ساڵانەی یەکێتی گۆڕەپان و مەیدان بۆ پاڵەوانیەتییەکان و نەبوونی پاڵپشتی ماددی کە یاریزانان دووردەخاتەوە لە کاری دووەم، هەروەها کەشوهەوای کوردستان و نەبوونی هۆڵی داخراو و کەمیی کادیری پسپۆڕ و چالاك و زۆر کێشەی تریش هەن.

***ئەی ئەم یارییە لە شاری سلێمانی لە چ ئاستێکدا دەبینی کە سلێمانی هەموو کات خاوەن یاریزانانی بەتوانا بووە؟**

- سلێمانی بە پایتەختی گۆڕەپان و مەیدانی عێراقی ناودەبرێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی دوو یانەی بەهێزی وەکو (پێشمەرگەی سلێمانی و سیروانی نوێ) لەم شارە و بوونی چەندین پاڵەوان کە لە هەڵبژاردەی عێراقین.

***پێت باشە بۆ بەرەوپێش بردنی ئەم یارییە لە کوردستان دەبێت چی بکرێت؟**

- باشترکردنی ژیانی یاریزانان لە رووی دارایی و دابینکردنی کەلوپەلی پێوست و بوونی یاریگای باش و بەردەوامیی کردنەوەی پاڵەوانیەتی، ئەمانە هەمووی هۆکار دەبن بۆ باشتربوونی ئاستی ئەم یارییە لە تەواوی شارەکانی کوردستان.

*** وەکو یاریزانێك لە ئەنجامەکانی خۆت تا چەند رازیت، بەتایبەتی لە راکردنەکانت؟**

- لە سەرجەم پاڵەوانیەتییەکانی عێراق و کوردستان و لە زۆربەی راکردنەکانی ناوخۆ و دەرەوەش بەشداریم کردووەو ئەنجامەکانیشم هەمووی پلەی یەکەم و دووەمە و یاریزانی هەڵبژاردەی عێراقیشم.

*** بۆ داهاتووت بەرنامەت چییە؟**

- بەردەوامم لە ئامادەکاری و مەشقدام بۆ ئەوەی بتوانم لە سەرجەم پاڵەوانیەتییەکانی هەڵبژاردەی عێراقی بەشداری بکەم و بەردەوامیش خۆم ئامادە دەکەم بۆ ئەوەی زۆرترین ئامادەکاریم تێدا بێت بۆ پاڵەوانیەتی عەرەبی.

*** خێزانەکەت تا چەند هاوکاریت دەکەن؟**

- ئەوان وەرزشکار نیین، بەڵام هاوکارو پاڵپشتی بەردەوامی منن.

*** هیواو ئاواتت وەکو کچە وەرزشکارێك چییە؟**

- تا زیاتر پێش بکەویت، ئارەزووت زیاتر دەبێت، منیش ئاواتم ئەوەیە بەشداری لە پاڵەوانیەتییە گەورەکان بکەم.

***یانەی سیروانی نوێ هاوکاریتان دەکەن ؟**

- یانەکەمان ئەوپەڕی هاوکاریمان دەکەن، بەڵام هێشتاش بێ کێشە نین.

*** بە چ یاریزانێك سەرسامی؟**

- یاریزانی جامایکی شیلی ئان ئەوە نموونەیە بۆ من.

***جگە لە یاری گۆڕەپان و مەیدان چ یارییەکی دیکە ئەنجام دەدەی؟**

- تەنیا کاتی خۆم بۆ ئەم یارییە تەرخان کردووە.

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ ئەو بەردەوامییەی کە خزمەت بە تەواوی وەرزشکارانی شارەکانی کوردستان دەکەن بەبێ جیاوازی و هیوای بەردەوامیتان بۆ دەخوازم، سوپاس بۆ راهێنەرەکەشم دکتۆر سیروان حامد کە بەردەوام هاوکارمانە.

## پێکان بەرۆکی یاریزانانی یۆڤانتۆس بەرنادات

نەفرەتی پێکانی یاریزانان بەرۆکی یانەی یۆڤانتۆسی ئیتاڵی گرتووەو بەو هۆکارە چەند یاریزانێکی لە دەست داوە.
یانەی یۆڤانتۆس بڵاویکردووە هەردوو یاریزان پاولۆ دیبالا و کلاودیۆ مارکیزیۆ بەهۆی پێکان بۆ ماوەی ٣٠ تا ٤٠ رۆژ لە یاریگاکان دوور دەکەونەوە.
پێکانی ئەو دوو یاریزانە لە کاتێکدایە هەریەکە لە جیانلویجی بوفۆن و خوان کوادرادۆ بەهەمان شێوە پێکانیان هەیە لە یاریگاکان دوورکەوتونەتەوە.
یۆڤانتۆس دوای پشووی زستانە دەستی بە راهێنانەکان کردووە و لە بەیانێکیشدا پێکان و ماوەی دوورکەوتنەوەی یاریزانەکانی ئاشکرا کرد.
هەریەکە لە دیبالا و مارکیزیۆ لە ماسولکەکانیاندا پێکانیان هەیە و بەپێی یەکەم پشکنین دەرکەوتووە ماوەی ٣٠ تا ٤٠ رۆژ لە یاریگاکان دووردەکەونەوە.
هەریەکە لە بوفۆن و کوادرادۆ لە قۆناغی چاکبوونەوەدان لە پێکانەکان و لە ئێستادا بەتەنیا راهێنانەکان ئەنجام دەدەن.



## سوارێز مێژووی بەخۆی تۆمارکرد

لویس سوارێزی ئۆرۆگوای و هێرشبەری یانەی بەرشلۆنەی کەتەلۆنی ناوی چووە ریزی ئەو ئەستێرە گەورانەی مێژووییەکی زێڕینیان نووسیەوە.
دوای ئەوەی لویس سوارێز دووجار تۆڕی گۆڵی یانەی ریاڵ سۆسیدادی هەژاند، ژمارەیەکی نوێی تۆمارکرد و یەکێکە لەو یاریزانانەی لە شەش یاری لەسەریەکدا و لە سێ کاتی جیاوازدا گۆڵ تۆماربکات.
مستەر شیپی ئیسپانی لە ئامارێکیدا لەسەر ئەستێرەکانی تۆپی پێ ژمارەی ئەو گۆڵکارانەی ئاشکراکردووە و پێشتر لە وەرزی ٢٠١٥-٢٠١٦دا سوارێز هەمان ژمارەی پێوانەیی تۆمارکردبوو.
سوارێز هاوشانی هەریەکە لە (لانگارا، برۆدن، زارا، بۆشکاش، مێسی و رۆناڵدۆ) ناوی خۆی لە مێژوودا تۆمارکردووە.
هەفتەی رابردوو یانەی بەرشلۆنە بووە میوانداری یانەی ریاڵ سۆسیداد و ریمۆنتادایەکی گەورەی لەسەر یاریگای ئاینۆتا بەدەستهێنا، دووجار تۆڕی گۆڵەکەی تێرشتیگن هەژێندرا، بەڵام پاولینهۆ گۆڵی یەکەم و سوارێز گۆڵی دووەم و سێیەم و مێسی گۆڵی چوارەمی بۆ بەرشلۆنە تۆمارکرد.




## کاتی گەڕانەوەی کۆتینهۆ دیاریکرا

رۆژنامەی مۆندۆ دیپۆرتیڤۆی ئیسپانی کاتی بەشداریکردنی فیلیپ کۆتینهۆی بەرازیلی لە یارییەکانی یانەی بەرشلۆنە ئاشکرا دەکات.
ئەستێرە بەرازیلییەکە لە قۆناغی چاکبونەوەدایە لەو پێکانەی، کە رۆژی هەشتی مانگ لە ماسولکەکانیدا دووچاری بوو، بەو هۆیەشەوە راگەیاندرا بۆ ماوەی ٢٠ رۆژ لە یاریگاکان دووردەکەوتەوە.
مۆندۆ دیپۆرتیڤۆ بڵاویکردووە کۆتینهۆی تەمەن ٢٥ساڵ لەسەر چیمەنی دەستکرد بە ئەنجامدانی راهێنانەکان کردووە و ئەگەر زۆرە رۆژی ٢٨ی مانگ و بۆ یاریی یانەکەی بەرانبەر یانەی دیپۆرتیڤۆ ئەلاڤێس ئامادەبێت و بەشداری ئەو یارییە بکات.
بەپێی هەمان سەرچاوە ئەگەر کۆتینهۆ بەرانبەر ئەلاڤێس یاری نەکات ئەوا بۆ یاری دێربی کەتەلۆنیا و بەرانبەر یانەکەی پێشووی یانەی ئیسپانیۆڵ ئامادە دەبێت و یارییەکەش رۆژی چواری مانگی داهاتوو بەڕێوەدەچێت.
یانەی بەرشلۆنە لە رۆژی دووشەممە دەستی بەراهێنانەکانی کردووە و ئامادەکاری بۆ ئەو یارییە دەکات، کە بڕیارە بەرانبەر یانەی ئیسپانیۆل لە قۆناغی چارەکی کۆتایی جامی شای ئیسپانیا ئەنجامی بدات.

# هاندەرانی ریال مەدرید بێهیوا بوون



ڕۆژنامەی سپۆرتی نزیك لە یانەی بەرشلۆنە هاندەرانی یانەی ریاڵ مەدرید بێهیوا دەكات.

ڕۆژنامەی سپۆرتی كەتەلۆنی بڵاویكردووە ئەستەمە یانەی ریاڵ مەدرید بتوانێت گرێبەست لەگەڵ نێیمار دا سیلڤای بەرازیلی و ئەستێرەی یانەی پاریس سان جێرمانی فەرەنسی مۆربكات.

سپۆرت بە سێ هۆكار پەیوەندیكردنی نێیماری بەیانەی ریاڵ مەدرید بەئەستەم زانیوە.

بەپێی هەواڵەكەی سپۆرت نرخی نێیمار زیاترە لە ٣٠٠ ملیۆن یۆرۆ، ئەوەش لە كاتێكدایە ئەو یاریزانە هاوینی رابردوو بەرامبەر ٢٢٢ ملیۆن یۆرۆ بەرشلۆنەی بەرەو پاریس سان جێرمان بەجێهێشتووە.

سپۆرت بڵاویكردووە ئەو بڕە پارەیە یەك لەسەر سێی بودجەی ریاڵ مەدریدە كە ٨٩٧ ملیۆن یۆرۆیە، هەربۆیە گواستنەوەی نێیمار بەو بڕە پارەیە سەقامگیری دۆخی دارایی مێرەنگی تێكدەدات.

سپۆرت بڵاویشیكردووە ریاڵ مەدرید لە توانایدا نییە لە ڕووی داراییەوە نێیمار رازی بكات بەوپێیەی موچەی ساڵانەی ٣٧ ملیۆن یۆرۆیە و لەگەڵ مافی فرۆشتنی وێنە و شایستە داراییە و گۆڕانكارییەكانی ناو گرێبەستەكە بۆ ١٠٠ ملیۆن یۆرۆ بەرز دەبێتەوە.

ڕۆژنامە ئیسپانییەكە بڵاویشیكردووە پیرێز ترسی هەیە گواستنەوەی ئەستێرەكان بۆ یانەكەی سەقامگیری تیمەكەی لەداهاتووی دووردا تێكبدات، لەهەمان كاتدا نمونەشی بەیانەی بەرشلۆنە هێناوەتەوە كاتێك ویستویەتی گرێبەست لەگەڵ ماركۆ ڤیراتی و تیاگۆ سیلڤا مۆر بكات، بەڵام دواجار یانە پاریسییەكە زەبری توندی لێداون.



# پێشمەرگەی سلێمانی ئامادەیە



تیپی تۆپی پێی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی ئەمساڵ بە گوڕو تینێکی بەهێزەوە دەیەوێت بچێتە نێو کێبڕکێیەکانی خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان، تاکە ئامانجی دەستەی ڕاهێنەران و یاریزانان و کارگێڕیی تیپەکەش گەڕانەوەی یانەکەیە بۆ خولی نایابی کوردستان کە چەند ساڵێکە خەون بە خولەکەوە دەبینن، ئێستاش هەموو چاوەکانی یانەکە لەسەر ئەوەن کە بتوانن بە باشترین شێوە ڕووبەڕووی تیپەکانی دیکە ببنەوە و هەنگاو بۆ خولە گەورەکەی کوردستان بنێن، لەبارەی ئامادەکارییەکانی تیپەکەش ئەرسەلان جەلال ڕاهێنەری تیپی تۆپی پێی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەمساڵ خولی پلە یەکەکانی کوردستان بە دوو کۆمەڵەیە، بۆیە یارییەکان هەمووی گرنگیی خۆیان هەیە بۆ یانەکانی بەشداربوو، ئێمەش وەکو پێشمەرگەی سلێمانی دەمانەوێ تیپێکی باش پێك بهێنین، کارەکانیشمان تەواو کردووە و لە ڕووی ئامادەکارییەوە هیچ گرفتێکی ئەوتۆمان نییە، ئەمساڵ دەمانەوێ هیواکەمان بەدی بهێنین کەچەند ساڵێکە لە چاوەڕوانی ئەوەین بگەینەوە خولی نایابی کوردستان، ئەمساڵیش هەموو هەوڵێك دەدەین بۆ ئەوەی بگەینەوە خولە گەورەکەی کوردستان.» لەبارەی گرفتی داراییش گوتی: «سەرجەم تیپەکان گرفتی داراییان هەیە، ئێمەش بەدەر نین لەم گرفتە و ئێستاش گرفتی داراییمان هەیە، بەڵام ئیدارەی یانەکە هەوڵی خۆیان داوە بۆ ئەوەی بتوانین بە شێوەیەکی باشتر ئامادە بین.» گوتیشی: « گۆڕانکاریمان کردووە و چەندین یاریزانی خۆشمان هێناوە بۆ ئەوەی تیپەکە بەهێزتر بکەین.»

# کۆسرەت بایز خۆی یەکلایی نەکردۆتەوە



هەرچەندە وەرزی ڕابردوو کۆسرەت بایز یەکێك بوو لە ئەستێرەکانی یانەی شورتەی شاری بەغدا، بەڵام گەڕانەوەی یانەی هەولێر و ئامادەکارییەکانیان بۆ خولی نایابی یانەکانی عێراقی هیوایەکی تری بە یاریزانە کوردەکان بەخشی بۆ ئەوەی جارێکی تر بگەڕێنەوە خولە گەورەکە، ئەوەش لە کاتێکدا بوو کە دوورخستنەوەی یانەی هەولێر لە خولی عێراقی یاریزانانی هەولێری بێ ئومێد کرد لە یاریکردن لە خولەکە، یەکێك لە ئەستێرەکانی یانەکەش کۆسرەت بایزە کە تاکو ئێستا هەر لە یانەی هەولێر ماوە، بەڵام ڕەنگە لە قۆناخی دووەمی خولی عێراقی لەگەڵ یانەیەك ڕێك بکەوێ، لەبارەی چوونی بۆ یانەیەکی تری خولی عێراقیش کۆسرەت بایز بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «من ئامانجم لە هاتنەوە بۆ شاری هەولێر یاریکردن بوو بۆ یانەی هەولێر



# کچە یاریزانێک داوای گەڕانەوەی مافی دەکات

شێنێ قادر کچە یاریزانی تۆپی فوتساڵی یانەی ئافرەتانی هەولێر دانیشتووی شاری سلێمانییە و ماوەی چەند وەرزێکە بۆ یانەی ئافرەتانی هەولێر یاری دەکات، بە قسەی خۆی لەسەر پۆستێکی کە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك بڵاوی کردۆتەوە، لەلایەن تیپەکەیەوە سڕکراوەو یەکێتی تۆپی پێی کوردستانیش سڕکردنەکەی پەسەند کردووە، لەبارەی سڕکردنیشی شێنێ قادر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «من لە دوای رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەری کەرکووك دڵم گەرم ببوو، وەکو هەموو خەڵکێك پۆستێکی سیاسیم داناوە و باسی گەندەڵی و باسی حزبەکانم کردووە، بەڵام دوای ماوەیەك کە یاریزانی یانەی ئافرەتانی هەولێر بووم، بەبێ هەبوونی هیچ گرفتێك من سڕکراوم بەبێ ئەوەی هیچ رەوشتێکی خراپم هەبووبێ، هەرچەندە قسەم لەگەڵ راهێنەریش کردبوو کە پێی راگەیاندبووم چاك دەبێ، بەڵام چاك نەبووك بۆیە ئێستاش داواکارم پێداچوونەوە بەم بڕیارە بکرێت، بۆ ئەوەی مافم نەخورێت وەکو یاریزانێ.

گوتیشی: «من گرێبەستیشم بۆ هاتبوو لە یانەکانی تر، بەڵام هەر لە یانەی ئافرەتانی هەولێر بووم، یانەکەم بە هیچ نەگۆڕیوەتەوە ئێستاش داواکارم کە مافم بۆ بگەڕێننەوە و پێداچوونەوە بە بڕیاری سڕکردنم بکرێت.» لەلایەن خۆیەوە مەزن محەمەد راهێنەری تیپی فوتساڵی یانەی ئافرەتانی هەولێر گوتی: «وەکو راهێنەر و بە هەوڵ و هیممەتی کارگێڕی تیپەکەمان لە ئێستادا لە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکەداین، وەکو راهێنەرییش دوور و نزیك گرفتم لەگەڵ ئەم یاریزانە نەبووە.»



لە خولی عێراقی، بەڵام بە دوورخستنەوەی یانەی هەولێر غەدرو و زوڵێمکی زۆریان لە یانەکە کرد و غەدریان لە هاندەرانی ئەو شارەو ئیدارەی یانەکەش کرد کە ئەو هەموو مەسرووفاتەیان کرد، ئێستا دەبێ جارێکی دیکە لەگەڵ یانەکانی خولی پلە یەك یاری بکەین کە ناویان وەکو یانەی هەولێر نییە، بەڵام من تاکو ئێستا لەگەڵ هەولێر بەردەوامم و چاوەڕوانی ئەوەم ئەگەر یانەیەکی باش هەبێت و لەگەڵ من بگونجێت بۆ خولی عێراقی رەنگە بچمە ئەو یانەیە و یاری بکەم، گرێبەستیشم هەبوو بەر لە گەڕانەوە بۆ یانەی هەولێر، بەڵام لەبەر یانەی هەولێر رەتم کردەوە، رەنگە لە گواستنەوەی زستانە لەگەڵ یەکێك لە یانەکان رێك بکەوم.